# سەرۆ، قەڵەمێکی شەڕخواز

**باوەڕ پیرۆززادە**

**ڕۆژی 14 / 6 کە ڕۆژی سوێند خواردنی مسعود بارزانی بوو وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرۆ قادر-ی لێپرسراوی دەزگای ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لە ڕۆژنامەی (خەبات)ی هەمان حزب لەوتارێکدا لە ژێر ناونیشانی (لەماوەی سەرۆکایەتی بارزانی دا...) لە دەسپێکی وتارەکەیدا نووسیویەتی ( بارزانی مافی زۆر ئاسایی خۆیەتی کە پەرلەمانی کوردستان بە یەکدەنگ وەک سەرۆکی کوردستان هەڵیبژارد، چونکە ساڵی 1992 بە زۆرینەی دەنگی خەڵک وەک رابەر هەڵبژێردراو لەبەر پێنەگەیشتوویی ڕەسم و تەقلیدی ناو بزوتنەوەی سیاسی کوردستان و نەبوونی قەناحەتی تۆکمە بۆ دانهێنان بە بڕیاری خەڵک سەرۆک ئەوکات وازی لە مافی خۆی هێنا).**

**بەورد بوونەوە لەو چەند دێرەی پێشەوە دوو پرسیار پێویستە بکرێت، یەکەم، ئایا سەرۆ ئەو قسانەی بۆ لە ڕۆژێکی ئەوا حەساسدا کردووە؟ دووەم، ئایا سەرکردایەتی پ.د.ک ئەگەر نیازی ئاشتیو پێکەوە ژیانی هەیە چۆن ڕێگا بە سەرۆ دەدات بەو نامەعقولیەتە قسە بکات؟! لە هەمووی ناشیرینتر ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1992 بە ئەمانەتەوە نەگواستۆتەوەو وەک خووی هەمیشەیی چەواشەی کردوون، من ناڵێم با سەرۆ سەیری ژمارەکانی مانگی مایسی 1992-ی کوردستانی نوێ بکات، بەڵکو با لاپەڕەکانی هەمان مانگو ساڵی (خەبات) و (برایەتی)ی پ.د.ک-ع هەڵبداتەوە ئینجا بۆی دەردەکەوێت کە مەسعود بارزانی لە هەڵبژاردنی 1992 وەک رابەر (زۆرینەی دەنگی خەڵک)ی نەهێناوەو تا لەو کتێبەی کە دەزگای پاراستن بە ئیمزای (بەدران ئەحمەد حەبیب) لە ژێر ناوی ( هەڵبژاردنەکانی کوردستان) ساڵی(1998) بڵاویکردۆتەوە.**

**سەرەڕای ئەوەی کە پاراستن دەستکاریی ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی کردووە، بەڵام نەیتوانیوە بنووسێت کە مەسعود بارزانی زۆرینەی دەنگی بەدەست هێناوە، زۆرینە واتە لە (50%) زیاتر. مێژووی سەرۆ قادر واتە دروستکردنی گومان و لێکترازانو نانەوەی دووبەرەکیو شەڕ بۆ بەڵگەش دەتوانن لە ئەندام و کادرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق- قیادەی موقەتە، پاشان حزبی شیوعی عێراق، دوایی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، ئەمڕۆش لە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بپرسن کە سەرۆ لەو حزبانە ئەندام بووەو کاری کردووە، باشترین بەڵگەش گۆڤاری (گوڵان)ەکەیەتی کە چۆن ئاگری شەڕی ناوخۆی گەرمتر دەکرد، هەفتەیەک پێش ئەم وتارەش بەهەمان نەفەسی شەڕخوازی وتی پارتی کارتی زۆرە دەتوانێت بەکاری بێنێت، بەڵگە زۆرە بۆ عەقڵو فکرو قەڵەمی شەڕخوازی سەرۆ با ئەوەندە بەس بێت.**

bawar_piroz@hotmail.com